# پەیماناندا بە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لەسەر گوێگرتن وگوێڕایەڵی کردنی کار بەدەستی موسوڵمان لە کاتی سەختی وئاسانیدا، ولە کاتی خۆشی وناخۆشیدا

لە عوبادەی کوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پەیماناندا بە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لەسەر گوێگرتن وگوێڕایەڵی کردنی کار بەدەستی موسوڵمان لە کاتی سەختی وئاسانیدا، ولە کاتی خۆشی وناخۆشیدا ، وئارامگرتن لە سەر مافخواردنێک ئەگەر دەرهەقمان کرا، و لەسەر نەجەنگان دژی کاربەدەستی وڵات ، و لەسەر ووتنی هەق لە هەرشوێنێك بووین، و لەپێناو خوای گەورە ؛ لەلۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترسین».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پەیمانی وەرگرت لەهاوەڵان بەوەی گوێڕایەڵی کاربەدەست وفەرمانڕەوای مسوڵمان بن لەکاتی هێوری وناڕەحەتی وهەژاری ودەوڵەمەندی، ئینجا یەکسانە فەرمانی کاربەدەستەکان ؛ بەپێی ئارەزوویان بێت یان حەزی پێ نەکات، تەنانەت ئەگەر ئەم فەرمانڕەوایانە مافی خەڵکی خوارد بەبردنی سامانی گشتی ویلە ویۆست وهتد، ئەوا هەر دەبێت گوێڕایەڵیان بن لەچاکەدا، ودەرنەچن دژیان چونکە فیتنە وخراپەکاری بەم دەرچوونە گەورەترە لە خراپەی ستەمکردنیان، ولەو پەیمانەی لێیانی وەرگرت ؛ قسەی هەق بڵێن ئەگەر لە هەرشوێنێك بوون ولەمەدا لەپێناو خوای گەورە لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترسن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3061

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee